# دڵدار و پێگەیشتنی هزری سیاسی و نەتەوەیی

# دڵدار(یونس ڕەئووف) لە نێوان بیری نەتەوەیی و چەپگەریدا
## توێژینەوەیەکی مێژووییە

**د.هیوا حەمید شەریف**
**زانکۆی کۆیە. کۆلیژی پەروەردە - بەشی مێژوو**

**پێشەکی**

**بایەخی توێژینەوەکە:**

دڵداریەکێکە لەو کەسایەتیە سیاسیانەی باشوری کوردستان که لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم لە تەمەنێکی کورت ناوبانگێکی گەورەی بە دەستهێنا، ئەمەش لە سۆنگەی ئەو ڕۆڵ و چالاکییە سیاسیانەی لە ماوەی دیاریکراو ئەنجامیدا. شایانی ئاماژە بۆ کردنە ئەم قۆناغە مێژووییەی دڵدار تێدا ژیاوە دوو بیری سیاسی زیاتر لە ئایدیۆلۆژییەکانی دیکە لە سەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان هەبووە، ئەوانیش بیری نەتەوەیی و چەپگەری بوون کە ناوبراو لە چوارچێوەی هەردوو بیردا کار و چالاکی ئەنجامداوە، لەم گۆشەنیگایەوە ئەم توێژینەوەیە لێکدانەوەی ڕۆڵی دڵدار لە کارکردنی لەم دوو کایە سیاسیە جیاوازە دەخاتەڕوو.

**هۆکارەکانی هەڵبژاردنی بابەتەکە:**

لە ڕاستیدا هەڵبژاردنی بابەتەکە و ئامادەکردنی توێژینەوەکە پەیوەست بوو بە ڕاگەیاندنی زانکۆی کۆیە دەربارەی ئەنجامدانی کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی لە سەر بوارە جیاوازەکانی ژیانی دڵدار.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

خستنەڕووی قۆناغە جیاوازەکانی پێگەیشتنی هەردوو بیری نەتەوەیی و چەپگەرییە لای (دڵدار)، کە بەردەوام بیرکردنەوەیەکی قووڵ و بیروباوەڕێکی تایبەت بەخۆی لە پشت کار و چالاکییەکانی بووە.

**میتۆدی توێژینەوەکە:**

هێڵە سەرەکییەکان و بنەمای نوسینەوەی ئەم توێژینەوەیە سوود وەرگرتن بووە لە ڕێباز و توێژینەوەی مێژوویی کە بریتیە لە کۆکردنەوەی سەرچاوەی ڕەسەن و بەڵگەی دروست پەیوەست بە ڕووداو و زانیارییەکان و هەڵسەنگاندنی هەموو ئەو زانیارییە کۆکراوانە و بەراورد کردن و بڕیار لە سەردانیان.

**گرفتەکانی توێژینەوەکە:**

گرفتی سەرەکی بەردەم توێژینەوەکە ونبوونی بەشێک لە یادداشتەکانی (دڵدار) بوو کە قۆناغە زۆر گرنگەکەی ژیان و کار و چالاکیەکانیەتی ، بە بوونی ئەو بەشە ونبووە کێشەیەکی زۆری بەردەم ئەم توێژینەوەیە چارەسەر دەبوو.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:**

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە جگە پێشــەکی و ئەنجام لە ســێ تەوەرەی ســەرەکی پێکدێت، تەوەرەی یەکەم کە ناونیشــانەکەی بریتیە لە (پەرەســەندن و کاریگەرییەکانی بیری نەتەوەیی و چەپگەری لە باشــوری کوردســتان لە کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانیی تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانیی)ە بە دوو باس دەخرێتەڕوو، لە یەکەمیاندا: باس لە بیری نەتەوەیی لە باشوری کوردستان( فاکتەرەکانی ســەرهەڵدان و لێکەوتەکانی) دەکرێت، کە تێدا هۆکارەکانی ســەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی و چۆنیەی دامەزراندنی پارت و ڕێکخراوە ســیاســیە نهێنیەکانی ئەو قۆناغە مێژوویە دەخرێتەڕوو. لە باســی دووەمیشــــدا: ئاماژە بۆ فاکتەرە ســــەرەکییەکانی بڵاوبوونەوەی بیری چەپگەری لە باشــــوری کوردستان و دامەزراندنی چەند پارت و کۆمەڵەیەک دەکرێت کە هەڵگری بیری مارکسین.

تەوەرەی دووەمیش کە ناونیشانەکەی(قۆناغەکانی سەرهەڵدان و پێگەیشتنی بیری نەتەوەیی لای دڵدار)ە، بە هەمان شــێوە بە ســەر دوو باس دابەشــدەکرێت، لە یەکەمیاندا: ئاماژە بە ســەرەتای چەکەرەکردنی بیری نەتەوەیی لای دڵدار دەدرێت . لە باســی دووەمدا کار کراوە بۆ خســتنەڕووی هەموو ئەو چالاکییە ســیاســیانەی دڵدار لە چوارچێوەی کاری ڕێکخراوەیی و پارتایەتی ئەنجامی داوە.

تەوەرەی ســێیەم کە ناونیشــانەکەی بریتیە لە(دڵدار و بیری چەپگەری)، هەوڵدراوە کاریگەری بیری چەپگەری لە ســەر کار و ڕەفتارەکانی دڵدار بخرێتەڕوو، پاشــان چالاکییە ســیاســیەکانی لە چوارچێوەی ئەم ئیدیولۆژیایە ئاماژەی بۆ بکرێت.

**گرنگترین سەرچاوەکان:**

نوســینەوەی ئەم توێژینەوەیە بە ســوود وەرگرتن بووە لە چەندان ســەرچاوەی جۆراوجۆر، کە بەشــێکیان بە زمانی کوردی و بەشــەکەی دیکەش بە زمانی عەرەبین، هەندێک لە ســەرچاوەکان زانیــارییەکــانیــان دەگمەن بوون و ســـوودی زۆریــان بۆ توێژینەوەکە لێوەرگیرا، بە تــایبەتی یادداشــــتەکانی(دڵدار) خۆی هەرچەندە بەشــێکی ونبووە، بەڵام ســـوودی زۆری بۆ توێژینەوەکە هەبوو.هەروەها کتێبەکەی(عبدالخالق علاءالدین) بە ناونیشــانی (شــاعیری شــۆڕشــگێری کورد) بایەخێکی گەورەی هەبوو بۆ توێژینەوەکە. یادداشــــتەکانی(موکەرەم تاڵەبانی) و(نوری شـــاوێس) کەڵکی باشیان لێوەرگیرا.

**تەوەرەی یەکەم: پەرەســەندن و کاریگەرییەکانی بیری نەتەوەیی و چەپگەری لە باشــوری کوردســتان لە کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانیی تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانیی.**

بۆ زیاتر ئاشنا بوون بەم بابەتە سەرەتا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کە سەرهەڵدانی تیۆر و ئایدیولۆژیە ســیاســییەکان بە گشــتی و بیری نەتەوەیی و چەپگەری لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات بە کوردستانیشەوە زادەی گۆڕانکارییە ئابوری و کۆمەڵایەتی و کلتورییەکانی ناوخۆ نەبوون ، بەڵکو بەرهەمی پێشــهات و گۆڕانکاری و پێشــکەوتنەکانی وڵاتانی ئەوروپیین و دواتر وەک هەرمۆدیلێکی دیکە گەیشتوونەتە کوردستان و ناوچەکانی ڕۆژهەڵات.

لێرەدا جێگای خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت، ئەم شێوازە لە بڵاوبوونەوەی بیر و ئایدیولۆژیای سیاسی لەگەڵ ئەوەی وەک گۆڕانکارییەکی پێویستی قۆناغەکە هاتە بوون، کێشەی گەورە و ئاڵۆزی

لەگەڵ خۆیدا هێنا، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەم بابەتە، بایەخدارتر دەبێت ئەگەر – وەک نمونە – بە کورتی ئاماژە بۆ تیۆری ئەو بیرمەندانە بکرێت کە بیری نەتەوەیی یاخود ناســـیونالیزم بابەتی ســـەرەکی تێزەکانیانە ئینجا لەگەڵ ئەو بنەمایانە بەراورد بکرێت کە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی لە سـەر بنیاد نراوە. بیرمەند و نوسـەرانی ئەم بوارە بە شـێوەیەکی گشـتی هاوڕا و کۆکن لە سـەر ئەوەی سـەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی یاخود ناسیونالیزم لە ناو هەر کۆمەڵگایەک جگە لە پەیوەست بوون بە گۆڕانکارییە ئابوری و کلتورییەکان، بریتییە لە تێکشـاندنی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵآیەتییانەی بەر لە دروستبوونی بیری نەتەوەیی و نەتەوە بوونیان هەیە، کە ئەویش خۆی لە پەیوەندییە خێڵەکی و ناوچەییەکان دەبینێتەوە ،ئەمەش بە سڕینەوەی بیروباوەڕی ناوچەگەریی و خێڵەکی لە خەیاڵدانی تاکەکان دەست پێدەکات(قانع،٢٠٠٥: ٤٤–٤٥) .

لە ڕاســتیدا هیچ پارچە و بەشــێکی کوردســتان بەم پرۆســە و گۆڕانکارییانە تێپەڕنەبووە کە پێشــوتر ئاماژەیان بۆ کرا، ناســیونالیزم و بیری نەتەوەیی لە کوردســتان و تەنانەت ناوچەکانی ڕۆژهەڵآتی نـاوەڕاســـت بەگشــتی وەک پەرچەکردار بەرامبەر ئەوانی دیکە ســـەریهەڵـداوە، گوزارشـــتەکەی[٤٥] (محەمەد ئەمین زەکی)[٤٦] باشـــترین بەڵگەیە بۆ ئەم ڕاســـتیە . چونکە لەگەڵ ســـەرهەڵـدانی بیری نەتەوەیی لە کوردســـتان نەوەک هەر پەیوەندییە خێڵەکی و نـاوچەیەکـان تێکنەشــکان، بەڵکو بەشــێکی زۆری جولآنەوە نەتەوەییەکانیان لەلایەن ســـەرۆک خێڵ و هۆزەکان سەرکردایەتی کراوە.

سـەبارەت بە سـەرهەڵدانی بیری چەپگەری لە باشـوری کوردسـتان بە هەمان شـێوە ئەوەندەی زادەی کاریگەری بڵاوکراوە و ســـەرکەوتنەکانی یەکێتی ســۆڤیەت بوو لە جەنگی دووەمی جیهانی، ئەوەندە بەرهەمی گۆڕانکارییە ناوخۆییەکان و ململانێی چینایەتی و دروســـتبوونی هەردوو چینی پرۆلیتار و ســـەرمایەداران نەبووە، بۆیە ئەم ئایدیۆلۆژیایە لە فۆرمە گشـــتیەکەی لە زۆر ڕووەوە لەگەڵ هەلومەرج و ئاسـتی خەباتکردن و قۆناغە مێژووییەکەی کوردسـتان نەگونجاوە (کاکەوەیس، ٢٠١٠ :٣٦).

---

[٤٥] - کاتێک زاراوەی عوســـمانی لە تورکیا ســـڕایەوە و هەردوو زاراوەی تورک و تۆرانی شـــوێنیان گرتەوە، منیش وەکو هەر تاکێکی نەتەوە نـاتورکەکانی دەوڵەتی عوســـمانی هەستێکی بەهێزی جیاوازی نەتەوەکەم لە نەتەوەی تورک بۆ دروستبوو،ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ دروستبوونی هەستی نەتەوەیی لەلام(زکی،١٩٣٩:ص فی المقدمە).

[٤٦] - محەمەدئەمین زەکی کوڕی عەبدولرەحمانی کوڕی مەحمودە، سـاڵی ١٨٨٠ لە سـلێمانی لە دایک بووە،کۆلیژی جەنگی لە ئەستانبول تەواو کردووە، ساڵی ١٩٢٤ گەڕاوەتەوە عێراق، چەندان جار وەک نوێنەری ی سلێمانی بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەڵبژێردراوە ،چەند جارێکیش بۆتە وەزیر لە حکومەتەکانی عێراقی،لە چلەکانی ســـــەدەی ڕابردووش کراوەتە ئەندام لە ئەنجومەنی پیران، ساڵی ١٩٤٨ لە سلێمانی کۆچی دوایی کردووە(غفور،٢٠٠٤: ٦–٢١).

**١- بیری نەتەوەیی لە باشوری کوردستان( فاکتەرەکانی سەرهەڵدان و لێکەوتەکانی).**

بیری نەتەوەیی لە ناوچەکانی باشـــوری کوردســـتان لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانیەوە بە شـێوەیەکی فراوان پەرەیسـەند، هۆکارەکەشـی جگە لەم بارودۆخە تازەیەی دوای جەنگ بە گشـتی ناوچەکانی ڕۆژهەلآتی گرتەوە و گۆڕانکاری سیاسـی گەورەی بە دوای خۆیدا هێنا، کە دیارترینیان بۆ کورد هەڵوەشـاندنەوەی دەوڵەتی عوسـمانی و دروسـتبوونی بۆشـایی سیاسـی و کارگێری لە ناوچە کوردنشینەکان و ڕا گەیاندنی پەیمانی سیڤەر بوو بە تایبەت ئەو سێ بەندەی(٦٢- ٦٣- ٦٤) بۆ مافەکانی کورد تەرخانکرابوو(صابر،٢٠٠١ :١٤٣- ١٤٤). لە قۆناغی دواتریش سیاسەتی حکومەتە یەک لە دوا یەکەکانی عێراقیش بەرامبەر بە چارەنوسـی کورد کە خۆی لە پشـتگوێ خسـتنی مافە نەتەوەییەکان دەبینیەوە هۆکارێکی دیکەی گرنگ بوو بۆ ئەم پەرەسـەندنە(جندی، ١٩٩٤: ٤٨) . ئەمە سەرباری ئەو تەوژمە سیاسی و ئایدیولۆژیایەی لە سیەکان و چلەکانی سەدەی ڕابردوو ڕووی لە ڕۆژهەلآتی ناوەڕاسـت کرد و کوردسـتانی باشـوریش بەدەر نەبوو لە لێکەوتەکانی، ئەمەش گوڕوتینی زیاتری بە ڕەوتی نەتەوەیی بەخشی(المزوری،٢٠٠٨: ٣٩).

هەر چۆنێک بێت ئەو هۆکـارانەی ئـامـاژەیـان بۆ کرا چەنـد بزووتنەوەیەکی چەکـداری و دامەزراندنی چەند پارت و ڕێکخراوی سـیاسـی لێکەوتەوە کە داواکاری بەشـێکیان دامەزراندنی قەوارەیەکی سـەربەخۆ بوو بە تایبەتی ڕاپەرینەکانی شـێخ مەحمود(البوتاني،٢٠٠٦ :٢٩١-٣٠٨) . شـایانی ئاماژە پێدانە لەگەڵ ئەوەی ڕاپەڕینەکانی شـێخ مەحمود بۆ دامەزراندنی قەوارەیەکی نەتەوەیی شکستی هێنا،بەلآم کاریگەری بۆ قۆناغەکانی دواتر جێهێشت(محوی،٢٠٠٨ :٨٥)، ئەوەتا لە سەرەتای سییەکانی سەدەی ڕابردوو ژمارەیەک لە سیاسەتمەدار و ڕۆشنبیری کورد لە باشوری کوردسـتان بە مەبەسـتی بەدواداچوون و داواکردنی مافە نەتەوەییەکانی کورد دەسـتەیەک بە ناوی(هەیئەی وەتەنی)[٤٧] پێکدەهێنن، جموجۆڵەکانی ئەم دەسـتەیە بە شـێوەیەکی فراوان دەسـتی پێکردووە، کە جگە لە هەوڵەکانیان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی بە هاوکاری ئاشـورییەکان و ژمارەیەک سـیاسـەتمەداری بەریتانی، چەندان یادداشـتی گرینگیان ئاڕاسـتەی کۆمەڵەی گەلان و دەستەلآتدارانی بەریتانی و حکومەتی عێراقی کردووە(شریف،٢٠٠٦ :٧٩-٨٥)

هاوکات لەگەڵ چالاکییەکانی(هەیئەی وەتەنی)، ژمارەیەک لەم کەسایەتیە کوردانەی نوێنەر بوون لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بەردەوام بـابەتی مـافە نەتەوەییەکـانی کوردیـان لە بـاشـوری کوردسـتان وروژاندووە(قادر،٢٠٠٧: ٩٦-١١٤) . بەمشـێوەیە بزووتنەوەی نەتەوەیی لە باشـوری کوردستان بەردەوام بوو لە هەوڵەکانی بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی کورد، بۆ ئەمەش لە ململانێیەکی دژواردا بوو لەگەڵ دەسـتەلآتداران و حکومەتی عێراقی، شـایانی ئاماژە بۆ کردنە سـیاسـەتی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق دوای بوونی بە دەوڵەتێکی سـەربەخۆ لە سـاڵی ١٩٣٢ ڕوونتر و ئاشـکراتر دەرکەوت(المزوری،٢٠٠٨: ٣٨) ،کە هیچ بایەخێکیان بە کێشـەکانی کورد نەدەدا و ڕێگر بوون لە بەردەم ئەنجامدانی هەر چالاکییەکی سـیاسـی بە شـێوەی ئاشـکرا، ئەمەش چ لە

---

[٤٧] - کۆمەڵەی زانستی کوردان ساڵی ١٩٢٦ لە سەر پێشنیاری ئەحمەد بەگی کوڕی تۆفیق بەگ موتەسـەریفی ئەوسـای سـلێمانی بە ئامانجی نەهێشـتنی نەخێندەواری دامەزراوە، بۆ زیاتر زانیاری لە سەر ئەم کۆمەڵیە بنواڕە:(کەریم ، ١٩٨٥) .

بواری دامەزراندنی پارت و ڕێکخراو یاخود کردنەوەی یانە بووایە، بۆ نمونە لە ماوەی نێوان ساڵانی هەردوو جەنگەکە هیچ پارتێک یان ڕێکخراوێکی سیاسی نابینرێت کە بە ئاشکرا کاری کردبێت، جگە لە بوونی هەندێک کۆمەڵەی ڕۆشنبیری، وەک (کۆمەڵەی زانستی) ، تەنانەت هەندێ جار ئەم کۆمەڵە ڕۆشنبیریانەش کار و چالاکییان قەدەغە کراوە (کەریم، ١٩٨٥: ١٨-٢٠) .

ئەم ڕێکارانەی دەستەڵاتدارانی عێراق بۆ ڕێگاگرتن لە هەر چالاکیەکی سیاسی کورد گرتبوویانەبەر، ڕۆشنبیران و کەسایەتیە سیاسیەکانی کوردستانی باشوری بەرەو ئەو ئاراستەیە برد کە چالاکییە سیاسیەکانیان بە شێوازی پێکهێنانی پارت و ڕێکخراوی نهێنی ئەنجام بدەن، لەم چوارچێوەیەشدا و لە ساڵانی پێش جەنگی دووەمی جیهانی ژمارەیەک پارت و ڕێکخراوی سیاسی کە هەڵگری مۆرک و بەرنامەی نەتەوەیی بوون دامەزرا، یەکێک لەوانە (کۆمەڵەی برایەتی)[٤٨] بوو کە لە ساڵی ١٩٣٧ لە شاری سلێمانی بە شێوەیەکی نهێنی دامەزرا، ئەم کۆمەڵەیە لەگەڵ ئەوەی لە ڕووی قەبارەوە بچوک بوو کەچی ئامانجی گەورەی هەبوو، وەک: ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستان(کۆچێرا،١٩٨٨: ٢١٨) . هەر لە هەمان ساڵ لە هەولێر و کەرکوک کۆمەڵەی(دارکەر) دادەمەزرێت کە دواتر پەرەدەسێنێت ودەگۆڕدرێت بۆ پارتێکی نەتەوەیی گەورە بە ناوی(هیوا). لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانیش باشوری کوردستان وەک مەڵبەندێکی چالاکی سیاسی و جەماوەری دەرکەوت و چەند کۆمەڵەیەکی سیاسی لەو کاتەدا دامەزران کە هەڵگری بیری نەتەوەیی بوون، لەوانە: کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد(ژ- ک) – لقی کوردستانی عێراق (قادر،٢٠٠٥: ٤٩-٥١).

**٢- سەرهەڵدانی بیری چەپگەری لە باشوری کوردستان:**

هاوشان لەگەڵ پەرەسەندنی بیری نەتەوەیی لە باشوری کوردستان لە ماوەی نێوان کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی و کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، بیری چەپگەری سەرهەڵدانێکی فراوانی بەخۆوە بینی، لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کە پەرەسەندن و بڵاوبوونەوەی بیری چەپگەری بە شێوەیەکی فراوان لە باشوری کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی ساڵانی سی و سەرەتای ساڵانی چل لە سەدەی ڕابردوو،ئەمەش دوای هاتنی لێشاوێکی گەورەی ئەم ئایدیولۆژیایە بۆ ناوچەکە کە کاریگەرییەکانی باشوری کوردستانیشی گرتەوە و لە ماوەیەکی کورتدا بەشێکی زۆرلە خوێندەواران و ڕۆشنبیرانی کەوتنە ژێرهەژمونی ئەو ڕەوتە فیکری و سیاسیە(المزوری،٢٠٠٨:٣٩).

بەمشێوەیە لەگەڵ دەستپێکردنی جەنگی دووەمی جیهانی ڕەوتی چەپگەری بە شێوەیەکی فراوان لە باشوری کوردستان پەرەیسەند، بە تایبەتی بڵاوبوونەوەی بیری مارکسی ، لە ڕاستیدا ئەوانەی بانگەشەیان بۆ بیری مارکسی دەکرد لە سەرەتادا ڕووبەڕووی کێشەی و گرفتی زۆر بوونەوە، چونکە هەڵوێستی دانیشتوانی باشوری کوردستان لە بەرامبەر بڵاوبونەوەی ئەم بیرە هەڵوێستێکی نەرێنی بوو(نەبەز، ١٩٨٤: ١٦٦)، خوێندەوار و ڕۆشنبیرانی کورد لە سەرەتا لە

---

[٤٨] - ئەم کۆمەڵەیە لە ١١ی ئازاری ١٩٣٧ لە شاری سلێمانی لەلایەن ژمارەیەک کەسایەتی سیاسی دامەزراوە، لەوانە: شێخ لەتیفی حەفید، سدیق شاوێس، ئیسماعیل شاوێس، ئەحمەد فەخری وشێخ قادر، کۆمەڵە لقی لە شارەکانی بەغداد و کەرکوک کردۆتەوە، چالاکییەکانی تا ساڵی ١٩٤٣ بەردەواو بووە(البارزاني، ٢٠٠٢: ٧٤-٧٥).

گۆشـەنیگای ئایینیەوە سـەیری ئەم بیروباوەڕەیان دەکرد، کە پێیان وابوو ئایدولۆژیایەکە دوورە لە ڕەوشت و ئایین، لەلایەکی دیکە بوونی پارتی(هیوا) وەک ڕێکخراوێکی سیاسی نەتەوەیی کورد لەو کاتەدا کۆســـپێکی گەورە بوو لە بەردەم بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی مارکســـیەت، هەروەها ئەو ڕێکـارانەی حکومەتی عێراقی بۆ دژایەتی شـــوعیەت گرتبوویە بەر ڕۆڵی کـاریگەری هەبوو لە تەگەرەخســـتنە بەر فراوانبوونی ئەم بیروباوەڕە، بەلآم زۆری نەبرد ئەم ڕێگریانە بەرەو لاوازی چوون و کاریگەریان نەما ، ئەمەش لە سۆنگەی ئەو بارودۆخە تازەیەی لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٤١ لە ئەنجامی هێرشـــکارییەکانی ئەڵمانیا بۆ ســـەر یەکێتی ســـۆڤیەت ســـەریهەڵدا، جگە لەمە گۆڤاری(گەلاوێژ)[٤٩] بەشـداریيەکی چالاکی لە بڵاوکردنەوەی بیری سـوشـالیزمی و نێونەتەوەیی لە کوردســـتـان هەبووە، کە چەنـدان وتـاری لە ســـەر ئەم بیروبـاوەڕە بڵاوکردۆتەوە، هەروەهـا بڵاوبونەوەی کتێب و گۆڤاری پێشـــکەوتنخواز یارمەتیدەر بوو لە پەرەســـەندنی بیری مارکســـی وهۆشیاری چینایەتی لە ناو کۆمەڵگای کوردی(الحیدری، ٢٠٠٤: ٥).

هۆکارێکی دیکەی پەرەســـەندنی بیری چەپگەری لە باشـــوری کوردســـتان پەیوەســـت بوو بە ڕووداو و پێشـــهاتەکانی جەنگی دووەمی جیهانی، وەک: هاتنی ســـوپای ســـووری ســـۆڤیەتی بۆ ئازربێجان و ڕۆژئاوای ڕۆژهەلآتی کوردســـتان، هەروەها ســـەرکەوتنەکانی بەرەی هاوپەیمانان بە سەر بەرەی نازیەت و فاشیەت ، لە ڕاستیدا ئەم هۆکارە ڕۆڵی کاریگەری بینی بۆ ئەوەی ژمارەیەک لە خوێندکار و ڕۆشـــنبیر پارتە نەتەوەیەکان جێبهێڵن و پەیوەندی بە پارتە مـارکســـیەکـان بکەن(رسول،٢٠٠٨: ٣٥٥).

لە ســۆنگەی ئەم پەرەســـەندنەی بیری چەپگەری لە ســالآنی جەنگی دووەمی جیهانی باشــوری کوردســتان بە خۆیەوە بینی، چەندان پارت و ڕێکخراو لە ســەر بنەمای ئەو ئایدیولۆژیایە دامەزران یاخود وەکو لق لە کوردســـتان کرانەوە، ئەمەش نیشـــانەی زۆربوونی هەوادارانی بیری چەپگەری بوو، ئەو ڕێکخراوە چەپانەی لەم قۆناغە لە باشوری کوردستان دامەزران بریتی بوون لە (کۆمەڵەی میللەت)[٥٠] کە دوای چەند مانگێک هەڵوەشـــایەوە و (یەکێتی تێکۆشـــین)[٥١] دامەزرا، ئەم ڕێکخراوە

---

[٤٩] - گۆڤارێکی ئەدەبی ڕۆشنبیری مانگانە بوو لە ماوەی نێوان کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٣٩ تا ئابی ١٩٤٩ لە شـاری بەغداد دەرچووە، خاوەن و بەڕێوبەرەکەی (ئیبراهیم ئەحمەد) بوو، بەڕێوبەری کارگێڕیش (عەلائەددین سوجادی ) بوو( خەزنەدار، ١٩٧٣: ٤٠) .

[٥٠] - ئەم ڕێکخراوە کە هەڵگری بیری مارکسـی بوو لە سـاڵی ١٩٤٣ لە شـاری هەولێر بە دەستپێشخەری و سەرکردایەتی سالح حەیدەری دامەزراوە، بڵآوکراوەیەکی دەستنوسیان بە ناوی (دەنگی کورد) بلآوکردۆتەوە، پاشـان لە سـاڵی ١٩٤٤ لەگەڵ ڕێکخراوێک بە ناوی (وحدة النضـــال) کە لە حزبی شـــیوعی جیابووەوە یەکیان گرت و کۆمەڵەی میللەت هەڵوەشایەوە (صالح، ٢٠٠٥: ١٧-١٨).

[٥١] - ئەو کوردە مارکسیانەی (کۆمەڵەی میللەت)یان هەڵوەشـاندەوە و ڕازی نەبوون بچنەوە ناو حزبی شـــیوعی عێراقی، لە ســـاڵی ١٩٤٥لقێکی کوردیان بە ناوی (یەکێتی تێکۆشـــین) دامەزراند، گۆڤارێکیان بە ناوی ڕێکخراوەکە دەرکرد، ئەم گۆڤارە بە شـــێوەیەکی فراوان بلآوبووەوە و ناوبانگی دەرکرد، تەنانەت لە بەڵگەنامەی بەریتانی ناوی هاتووە، دیارترین

سیاسیانە بە گشتی بانگەشەی دژایەتی ئیمپریالیزم و چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و چینایەتیان دەکرد(قادر، ٢٠٠٥: ٥٠). هەر لەم سەروبەندەدا و بە دیاریکراوی لە ساڵی ١٩٤٥ حیزبی شیوعی عێراقی ڕێکخراوێکی بە ناوی (پارتی ڕزگاری نیشتمانی – حزب التحرر الوطني)[٥٢] دامەزراند کە کاریگەریەکی گەورەی لە سەر لاوانی کورد هەبوو و ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆشنبیرانی کورد پەیوەندیان پێوە کرد(رسول،٢٠٠٥: ٢٣٣) .

**- تەوەرەی دووەم : قۆناغەکانی سەرهەڵدان وپێگەیشتنی بیری نەتەوەیی لای (دڵدار)[٥٣] .**

---

ئەندامەکانی ئەم ڕێکخراوە، بریتی بوون لە : سالح حەیدەری ، نافع یونس، حەمید عوسمان و رشید عەبدولقادر (البارزاني، ٢٠٠٢: ٩٠- ٩١) .

٥٢ - بیرۆکەی دامەزراندنی ئەم پارتە لەلایەن حزبی شیوعی عێراقی بۆ دوای جەنگی دووەمی جیهانی دەگەڕێتەوە، ئامانجی لە دامەزراندنی ئەو پارتە دروستکردنی هاوپەیمانێکی جێگا متمانە بوو، دەستەی دامەزرێنەر پێکهاتبوون لە کەسانی نیشتمانی و چەند ئەندامێکی حزبی شیوعی، دەستەی دامەزرێنەر لە ٢٥ی ئەیلولی ١٩٤٥ داوای مۆڵەتی فەرمی لە وەزارەتی ناوەخۆی عێراقی کرد، بەڵام داواکارییەکە ڕەتکرایەوە ، لەگەڵ ئەوەش ئەندامانی پارتی ڕزگاری نیشتمانی دەستی بە چالاکییەکانی کرد و ڕۆڵێکی گەورەی لە پارێزگاکانی باشووری عێراق و کوردستان هەبووە، ئەم پارتە باوەڕی تەواوی بە مافی چارەنوسی هەموو میللەتانی عێراق هەبوو بە کوردیشەوە( البوتاني، ٢٠٠٧: ٣٧- ٣٨) .

٥٣ - ناوی تەواوی یونس کوڕی مەلا ڕەئووف کوڕی مەلا مەحمود ئەفەندی کوڕی مەلا سەعدی خادیمولسوجادەیە، دایکی(زەهوە)ی کچی خورشید ئەفەندییە کە لە بنەچەدا لە مەلازادەکانی ناوچەی زەهاون، پێنج برای هەبووە بە ناوەکانی (سەعدی- جەواد – ئاسف – مەجید –حەمید)، کە تەنیا حەمید لە خۆی بچوکتر بووە و خوشکی نەبووە. مەلا ڕەئووفی باوکی لەو کەسانە بووە کە هاوسۆزییەکی لە ڕادەبەدەری لەگەڵ عوسمانیەکان هەبووە، تەنانەت دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و شکستی دەوڵەتی عوسمانی هیچ وەزیفەیەکی لە بەریتانیەکان وەرنەگرتووە، هەر چاوەڕوان بووە دەستەڵاتی عوسمانیەکان بگەڕێتەوە کوردستان. دڵدار لە ٢٠ی شوباتی ١٩١٨ لە شاری کۆیە لە دایک بووە، لە سەرەتای منداڵیەوە بە هۆی نەخۆشیەوە زمانگیری هەبووە لە کاتی قسەکردندا، لە تەمەنی (١٠) ساڵیدا دەخرێتە بەر خوێندن و لە شاری ڕانیە پۆلەکانی یەکەم و دووەمی سەرەتایی تەواو کردووە، پاشان دەگەڕێنەوە بۆ کۆیە و پۆلەکانی دیکەی سەرەتایی تێدا تەواو دەکات، ساڵی ١٩٣٧ بۆ تەواو کردنی خوێندنی قۆناغی ناوەندی ڕووی لە هەولێر کردووە و هەردوو پۆلی یەکەم و دووەمی ناوەندی تێدا خوێندووە، ئینجا چووە بۆ شاری کەرکوک کەماڵی (ئاسف)ی برای لێبووە،خوێندنی دواناوەندی لەم شارە تەواو کردووە، ساڵی ١٩٤٠ بۆ تەواو کردنی خوێندن لە کۆلیژی(ماف) بەرەو شاری بەغداد چووە، ساڵی ١٩٤٥ خوێندنی تەواو کردووە و بۆتە پارێزەر و بۆ ماوەیەک کاری پارێزەری کردووە، بەڵام بە هۆی کاریگەری هەردوو نەخۆشی (باداری و ئاوسانی دڵ) لە بەرواری ١٢-١١-١٩٤٨ لە شاری

ڕۆڵ و هەڵوێستی تاکەکانی کۆمەڵگا لە چوارچێوەی هەر بیروباوەڕێکی سیاسی بێت لە دوو ئاستی جیاوازدا دەردەکەوێت، ئەوانیش(هەست - هۆشیاری)یە، ئەوەی یەکەمیان- واتە هەست- زیاتر پەیوەستە بە هاوسۆزی بوونێک کە لە ڕێگای جۆش و خرۆش و هەڵچوونەوە گوزارشتی لێدەکرێت. بەڵام ئەوەی دواییان بەرهەمی بیرکردنەوە و لێکدانەوە و شیکردنەوەیە، بۆیە هەموو ئەوانەی بە هۆشیارییەوە ڕۆڵ و هەڵوێستی سیاسی دەبینن و ئەنجام دەدەن کارەکانیان بەرهەمدارتر و دەرکەوتوتر دەبێت.

شایانی ئاماژە بۆ کردنە سەرجەم ئەو کەسانەی دەخزێنە ناو بۆتەی هەر بیرێکی سیاسی سەرەتا بە هاوسۆزیەکی زۆرەوە هەنگاو دەنێن، دواتر بەشێک لەوانە و لە قۆناغەکانی دیکە ئەم ئاستە دەبڕن و بە هۆشیارییەوە مامەڵە لەگەڵ سیاسەت و کێشەکانی دەکەن، بەشێکی فراوانیش لەوان تا کۆتایی وێستگەی ژیانیان هەر لە ئاستی یەکەمدا دەمێننەوە و تەنیا بە هەست و سۆز کاری سیاسی دەکەن.

لەم گۆشەنیگایەوە سەرهەڵدان و گەشەکردنی بیری نەتەوەیی لای(دڵدار) بۆ دوو قۆناغ دابەش دەبێت.

**١- قۆناغی یەکەم: چەکەرەکردنی بیری نەتەوەیی لای دڵدار.**

قۆناغی یەکەم کە بە قۆناغی چەکەرەکردنی بیری نەتەوەیی دەناسرێتەوە بە دوو وێستگەدا تێپەڕیوە. یەکەمیان: کە سەرەتای ئاشنا بوونی (دڵدار)ە بە بیری کوردایەتی و نەتەوایەتی بۆ سەرەتای سالآنی سییەکانی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە کە ئەو کاتە لە تەمەنێکی بچوکدا بووە، لەم وێستگەیەدا هەر وەکو خۆی لە یادداشتەکانی ئاماژەی بۆ کردووە هەژموونی (ئاسف)ی برای و گفتوگۆی هاوڕێیەکانی (ئاسف) کاریگەری گەورەی لە سەر هەبووە، بۆ ئەمەش چەندان نمونەی هێناوەتەوە کە هەندێکیان لە ڕێگای پرسیارکردن یاخود بەرزکردنەوەی دروشمی کوردایەتی بووە، هەندێکی دیکەش ئەنجامدانی چالاکی ڕێکخراو بووە کە ڕۆڵی مەترسیداری پێسپێردراوە[٥٤] (علاءالدین، ١٩٨٥: ٣٣-٣٥) . لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت ئاستی هۆشیاری و تێگەیشتنی (دڵدار) لەم قۆناغەدا بۆ چەمکەکانی کوردایەتی و نەتەوایەتی پێنەگەیشتووە، ئەو کار و چالاکیانەی ئەنجامیشیداوە تەنیا لە سۆنگەی هەست و سۆزێکی بێ بیرکردنەوە بووە، ئەم ڕاستیەش لە

هەولێر کۆچی دوایی کردووە(علاءالدین،١٩٨٥: ٥٠-٦٠؛خەزنەدار، ٢٠١٠: ٥٦٥؛ رسول،٢٠٠٨: ٣٥١؛ مەمەند،٢٠١٢: ١٧-١٩؛ حلمی، ١٩٨٨: ٨؛ باجەلان، ٢٠٠٩: ٤١).

٥٤ - دڵدار لە یادداشتەکانیدا باسی ئەوەی کردووە کە لە شەوێکی باراناوی زستاندا (ئاسف)ی برای و چەند هاوڕێیەکی نامەیەکی نهێنیان پێ ڕەوانە کردووە بۆ ماڵی ئەفسەری هەواڵگری بەریتانی کە لە یەکێک لە گەڕەکەکانی شاری هەولێر نیشتەجێبووە، بە مەبەستی گەیشتنی نامەکە بە دەستی نوێنەری باڵآی بەریتانیا لە عێراق، دڵداریش کارەکەی بە سەرکەوتویی ئەنجامداوە و نامەکەی داوەتە دەست پاسەوانە هندیەکەی بەر دەرگا(علاءالدین، ١٩٨٥: ٣٥).



ناوەڕۆكی یادداشــتەكانی زۆر بە ڕوونی دەردەكەوێت و بەمشــێوەیە گوزارشــتی لێكردووە ((بەبێ ئەوەی بزانم ئەم كارانە چیینە، ئەنجامم دەدا)) (علاءالدین، ١٩٨٥: ٣٥ ) .

ویستــگەی دووەمی ئەم قۆناغە هاوكاتە لەگەڵ دەســتپێكردنی قۆناغی خوێندنی ناوەندی كە تێدا گۆڕانكاری گەورە بە ســەر بیر و ئەندێشــەیدا هاتووە، ئەمەش زیاترلە ژێر كاریگەری دوو فاكتەر پەرەیســەندووە، فاكتەری ســەرەكی ئەم گۆڕانكارییە خۆتەرخانكردنیەتی بە خوێندنەوەی بەردەوام كە لە نـاوەڕاســـتی ســـییەكانەوە دەســـتی پێكردووە، بەم ڕێگایە خۆی پێگەیـاندووە و بیری فراوانكردووە و بیروباوەڕی نەتەوەیی بە هۆشـــیارییەوە لە ناخیدا پەنگیداوەتەوە(خەزنەدار، ٢٠١٠: ٥٦٦) . لە ڕاســـتیدا ئەم كتێبانەی خوێندوویەتیەوە لە ڕووی ناوەڕۆكەوە بۆ گەشـــەكردنی بیری نەتەوەیی كاریگەر و بە سوود بوونە، كە زیاترینیان بابەتی مێژووییان لە خۆگرتبوو، وەك: مێژووی شـۆڕشـی فەرنسـی، مێژووی یۆنان، مێژووی كورد و كوردسـتانی(محەمەدئەمین زەكی)، مێژووی بابان و سۆران و موكریانی(حوسێن حوزنی) (دلزار، ٢٠١١: ١٢٧) . فاكتەرەكەی دیكە كە ڕۆڵی لەم بوارەدا هەبووە، فراوانبوونی پەیوەندییە كۆمەڵایەتیەكانی و ناســـینی ژمارەیەك كەســـایەتیە بە تـایبەتی ئەو هـاوڕێیـانەی لە قۆنـاغی خوێـندنی نـاوەندی و دوانـاوەندی پێیـان ئـاشـــنـابـبوو كە ڕەنگدانەوەیان لە سەر تێروانین و بیروباوەڕیدا هەبووە(جامباز،٢٠٠٥: ٦٤-٦٥) .

وەك دەردەكەوێـت بە تێپەڕبوونی كـات و هەنگـاو بە هەنگـاو بیری نەتەوەیی لای(دڵـدار) پەرەیسەندووە، بەڵام ئەمەش بەم مانابیە نایەت كە جگە لەم بیرە هیچ هەستێكی دیكە كاریگەری بە ســـەر نـاوبراو نەمـاوە، بۆیە لێرەدا پێویســـتە ئـامـاژە بۆ ئەوەش بكرێـت بە تێپەڕانـدنی ئەم قۆناغەش(دڵدار) هێشـتا نەگەیشـتۆتە ئەو ئاسـتەی بە تەواوی ئاوێتەی بیری نەتەوەیی بوو بێت، بۆ پشتڕاستكردنەوەی ئەم بیروڕایەش دوو نمونە لە نوسینەكانی خۆی وەكو بەڵگە وەردەگرین كە لەم ڕووەوە شایانی هەڵوەستە لە سەر كردنن:

یەكەمیان: ئەم هۆنراوەیە كە بە ناوی(روناكی) لە سـاڵی ١٩٣٥ لە گۆڤاری(ڕوناكی) بڵاوكراوەتەوە و بە یەكەم هۆنراوەی بڵاوكراوەی(دڵدار) دادەنرێت(ڕووناكی، ٢٠٠١: ١٢) . ئەوەی شـایانی هەڵوەسـتە لە ســـەركردنە لەم هۆنراوەیەدا دوو دێری كۆتاییە[٥٥]، كە تێدا دوو جار زاراوەی عێراق و خاكی عێراقی وەك ئەو پانتاییە دیاریكراوە بە كارهێناوە كە ناوی(نیشـتمان)ە، ئەمەش لەگەڵ ئەم بنەمایانە یەكناگرێتەوە كە بیری نەتەوەیی لە ســەر بنیاد دەنرێت، بە تایبەتی كە لە چوارچێوەی هۆنراوەیەكدا گوزارشتی لێكردووە كە تێدا ئازاد بووە.

دووەمیان: نوسـینەوەی یادداشـتەكانیەتی، كە جاری یەكەم لە سـاڵی ١٩٣٨ دەسـتی بە نوسـینەوەی كردووە ، بەڵام بە هۆی ونكردنی جارێكی دیكە لە سـاڵی ١٩٤٤ دووبارە دەسـتپێكردۆتەوە، ئەوەی جێگای سەرنج و هەڵوەستە لە سەر كردنە لەم نوسینەیدا، شانازیكردنی دڵدارە بە ڕەچەڵەكی خۆی

---

[٥٥] - دوو دێرەكەی كۆتایی بەمشێوەیە: ئەوجا سەیر كەن هونەری قلم
تاكو بەرز كەن عراق و علم
خودا ! روناكی دوركەی لە شقاق
شعلە بەخشی كەی لە خاكی عراق .

كه بەپێی ئەو تۆمارە مێژووییە دوور و درێژەی یەكێك لە ناســـیاوە نزیكەكانی بە ناوی (عەلی ڕەفیق ئەفەندی خادیمولسجادە) نوسیویەتی دەچێتەوە سەر خەلیفەی سێیەمی ڕاشیدین (عوسمانی كوڕی عەفان)(دەباغ، ٢٠٠١: ٦٧)، لە شـێوازی نوسـینی یادداشـتەكانی دەردەكەوێت (دڵدار) باوەڕی تەواوی بەم مێژووە هێنـاوە ، لە ڕاســـتیدا ئەم تێروانین و هەڵوێســـتەی(دڵدار) بە تێروانین و هەڵوێســتێكی كوردانە و نەتەوەییانە دانانرێت، بەڵكو بە خاڵێكی نەرێنی لاواز لە ســـەر هەڵوێســتی نەتەوەیی لە قەڵەم دەدرێت، چونكە كەسـایەتی نەتەوەیی هێز لە مێژوو و ڕابردووی نەتەوەی خۆی وەردەگرێت چەندە نادیاریش بێت، نەوەك لە مێژووی نەتەوەیەكی دیكە چەندە بەناوبانگیش بێت.

**٢- قۆناغی دووەم: بەكاربردنی بیری نەتەوەیی لە كاری سیاسی:**

قۆناغی دووەم لە پەرەســـەندنی بیری نەتەوەیی لای (دڵدار) واتە بەرجەســـتەكردنی بیری نەتەوەیی لە كاری سیاسی، لەم كاتەوە دەست پێدەكات كە ناوبراو بڕیاری كاركردن لە چوارچێوەی پارت و ڕێكخراوی سیاسـی دەدات، یەكەم هەنگاوی لەم بوارەدا دامەزراندنی كۆمەڵەیەكی سیاسـی نهێنی بوو لە سـاڵی ١٩٣٧ بە ناوی (داركەر) (صـابر،٢٠٠٧: ١٠٥) . هەرچەندە لە ســـەر شـوێنی دامەزراندنی كۆمەڵەكە بیروڕای جیاواز هەیە، لە نێوان ئەوەی لە هەولێر یاخود كەركوك دامەزراوە، بەلآم سەبارەت بە دامەزرێنەری كۆمەڵەكە هەموو سەرچاوەكان كۆكن لە سەر ئەوەی كە (داركەر) بە دەســـتپێشـــخەری و پێشـــنیازی(دڵدار) دامەزراوە (الطالبانی،٢٠٠٢: ٤٣؛ المزوری، ٢٠٠٨: ٥٢؛ رسول،٢٠٠٥: ١٣٥) .

بۆ تێگەیشـتن لە پاڵنەری سـەرەكی دامەزراندنی كۆمەڵەی داركەر و ئاسـتی فیكری و سـیاسـی دامەزرێنەرانی، هەڵسـەنگاندنێكی زانسـتیانەی ســەرجەم ئەو بوارانە كارێكی پێویسـتە، بۆیە لێرەدا هەوڵدەدەین بە وردی لە ســـەر كۆی ئەم بوارانە هەڵوەســـتە بكەین و شـــیكردنەوەیان بۆ ئەنجام بدەین. ســەبارەت بە پاڵنەری ســەرەكی دامەزراندنی كۆمەڵەی داركەر لەلایەن (دڵدار) بە پلەی یەك ئینجا هاوڕێیەكانی كە ســـەرجەمیان هەڵگری بیری نەتەوەیی بوونە بۆ چەند فاكتەرێك گەڕاوەتەوە، لەوانە: بە هۆكاری ئەوەی ئەم كارەكتەرانە لە ســـەروبەندی دامەزراندنی كۆمەڵەی داركەر تەمەنیان بچوك بووە و لە خوار(٢٠) سـاڵی بوونە، بۆیە زیاتر لە ژێر كاریگەری هەسـتەكانیانەوە مامەڵەیان لەگەڵ پێشهات و ڕووداوەكان كردووە ، ئەمەش بەرەو ئەو بابەتانە ئاراستەی كردوون كە لە ژیانی ڕۆژانە ڕووبەڕوویان بۆتەوە. ئەوەتا یەكێك لە دامەزرێنەرانی كۆمەڵەكە ئەم تێڕوانینە بە گێڕانەوەی ڕووداوێكی خۆیان پشـتڕاسـت دەكاتەوە و بەمشـێوەیە ئاماژەی پێداوە: (( كتێبە تەرخانكراوەكانی خوێندن لە بابەتی مێژوو بە تایبەتی مێژووی نوێی ئەوروپا كە لەلایەن مامۆســـتایەكی بە ڕەگەز لوبنانی بە ناوی(محەمەد شـقیر) دەوتراوە، زۆر بە لێهاتوویی تیشـكی دەخسـتە سـەر بابەتەكانی یەكگرتنی ئەڵمانیا و ئیتالیا و بزووتنەوە فیكری و سیاسیەكان، بەمەش كاریگەری گەورەی لە سەر بیروباوەڕمان بەرامبەر خەباتی نەتەوەیی دروسـت كرد)) (الطالبانی،٢٠٠٢:٤٠– ٤١) . لەم سـۆنگەوە و لە ئەنجامی هەستكردنیان بە لێپرسراوەتی مێژوویی بەرامبەر نەتەوەكەیان و كێشە و گرفتەكانی، بە پێویسـت و ئەركی سـەرشـانی خۆیان زانیوە لەم پێناوەدا كاری سـیاسـی و ڕێكخراوەیی ئەنجام بدەن (صابر،٢٠٠٧: ١٠٦)، بۆ ئەمەش بە دوای چوارچێوەیەك گەڕاون تا ئامانجە نەتەوەییەكانیان بە

شـێوەیەکی پراکتیک تێدا بەرجەسـتە بکەن، تا دوا جار بە دەسـتپێشـخەری(دڵدار) و بە چاولێکەری کۆمەڵەی (کاربۆناری– Carbonari) [٥٦] ئیتالی کۆمەڵەی دارکەر کرا بەم چوارچێوەیە .

وەک دەردەکەوێت پاڵنەرە سەرەکییەکانی پشت دامەزراندنی کۆمەڵەی دارکەر، ئەوەندەی خۆی لە هەسـتکردن بە لێپرسـراوەتی و هاوسـۆزی نەتەوەیی و جۆش و خرۆش و سـەرسـام بوون بە کەسایەتیە ناودارەکان بینیوەتەوە، کەمتر پشتبەستوو بووە بە شارەزایی کاری سیاسی و دیسپلینی ڕێکخراوەیی، هۆکاری سـەرەکی ئەمەش بۆ کەم ئەزموونیان لە کاری سـیاسـی گەڕاوەتەوە، کە پێشوتر هیچ یەکێکیان بە(دڵدار)یشەوە بەشداری ڕێکخراوەیی و سیاسیان نەبووە، ئەمەش زۆر بە ڕوونی لە مێژووی ئەم کۆمەڵەیە ڕەنگیداوەتەوە، کە خاوەنی ئایدیولۆژیایەک یان پەیڕەو پرۆگرامێک نەبووە، تاکە بیروباوەڕێک کە ئەوانی کۆکردۆتەوە بریتی بووە لە: کوردسـتان دابەشـکراوە و نەتەوەی کوردیش چەوساوەیە ، پێویستە خەبات بکەین لە پێناو ڕزگارکردنی (صابر،٢٠٠٧: ١٠٦).

لایەنێکی دیکە لەم بابەتە کە پێویسـتە هەڵوەسـتەی لە سـەر بکرێت، ئەو وتارەیە کە(دڵدار) لە یەکەم کۆبونەوەی دامەزراندنی کۆمەڵەی(دارکەر) لە ناوەڕاسـتی مانگی ئەیلولی ١٩٣٧ لە شـاری کەرکوک پێشـکەشـکردووە، لە ڕاسـتیدا بە هەڵسـەنگاندنی ناوەڕۆک و دەقی ئەم وتارە ئاسـتی هۆشـیاری و ئاگاداربوونی(دڵدار) لە ڕووی فیکری و سـیاسـیەوە لە گۆڕانکاری و پێشـهاتەکان دەردەخات، کە زیاتر مۆرکێکی نەتەوەییانەی بە بابەتەکە داوە، لە ڕووی سـیاسـیەوە جگە لە ئاگاداربوون لە ڕووداوەکان و ئەو کۆسپانەی لە ئەنجامی دابەشبوونی کوردستان و پارچە پارچە بوونی سەریهەڵداوە، زانیاری گرنگی لە بارەی سیاسەتی نیودەوڵەتی خستۆتەڕوو، کە تێدا ئاماژەی بۆ بەڵێنە ناڕاسـتەکانی ئەو دەوڵەتە ئەوروپیانە بەرامبەربە مافەکانی کورد کردووە کە ئەندامن لە کۆمەڵەی گەلان. خـاڵێکی دیکەی گرنـگ کە (دڵـدار) لە وتـارەکەیـدا وروژانـدوویەتی، بە وردی دەسـتنیشـانکردنی گرفتە سـەرەکیەکانی بەردەم سـەرکەوتنی ڕاپەرینە کوردییەکانە، کە هۆکاری شـکسـتەکانی بۆ زاڵبوونی عەقڵیەت و بیروباوەڕی عەشـائیری بە سـەر ڕاپەرینەکان گەڕاندۆتەوە ، هەروەها نەبوونی پارتێکی سـیاسـی یەکگرتوو بە هۆکارێکی دیکەی شـکسـتەکان زانیوە (الطالبانی،٢٠٠٢:٤٣- ٤٤).

هەرچۆنێک بێت دامەزراندنی کۆمەڵەی(دارکەر) لەگەڵ هەموو ئەو کەم و کورتیانەی ئاماژەی بۆ کرا، بە هەنگاوێکی گرنگ لە ڕووی کاری ڕێکخراوەیی و سـیاسـی لە قەڵەم دەدرێت، چونکە سەرکەوتو بوو لە شکاندنی بەربەستی سنورێکی دیاریکراو بۆ کاری ڕێکخراوەیی لە چوارچێوەی شارێک یاخود ناوچەیەک، کە سەرجەم ڕێکخراوە سیاسیە کوردییەکان لە قۆناغەکانی پێوە گیرۆدە بوون.

٥٦ - ئەمە کۆمەڵەیەکی نهێنی بووە لە چـاریەکی یەکەمی سـەدەی نۆزدەم لە ئیتـالیـا دامەزراوە، هەوڵیداوە هێز لە دژی دەسـتەڵاتدارانی نەمسـا لە ئیتالیا و پادشـا و فەرمانڕەوا دکتاتۆرەکانی ئیتالیا بەکاربهێنێت و حوکمرانی دەسـتوری بگەڕێنتەوە، ئەم کۆمەڵیە بە خێرایی گەشەیکرد و تا لە ڕیزەکانی سوپا و ڕۆشنبیران بڵاوبووە وە (مراد، ١٩٨٨: ١٧٩).





لە ڕاستیدا کۆمەڵەی(دارکەر) لە نزیکەی یەک ساڵی سەرەتای تەمەنیدا ڕۆڵ و چالاکی سیاسی دیاریکراوی نەبووە کە شایانی باسکردن بێت، سەرچاوەکانیش لەم ڕووەوە جگە لە بەرفراوانبوونی ڕێکخستنەکانیان کە خەڵک لە هەموو شارەکانەوە پەیوەندییان پێوە کردوون بە تایبەتی خوێندکاران هیچ زانیاری دیکەیان نەخستۆتەڕوو، هەرچۆنێک بێت بارودۆخی دارکەر تا حوزەیرانی ساڵی ١٩٣٨ لەم چوارچێوەیە دەمێنێتەوە، لەم بەروارەدا یەکەم کۆنگرەی خۆی لە باخچەی(أم الربيعين) لە شاری کەرکوک بە بەشداری نزیکەی(٦٠) ئەندام ئەنجامدا، کۆنگرە بە وتاریکی(دڵدار) کە لێپرسراوی یەکەمی کۆمەڵەکە بوو دەستپێکردووە، کە تێدا ئاماژەی بۆ چالاکییەکانی کۆمەڵە و فراوانبوونی ڕێکخستنەکان کردووە (صابر،٢٠٠٦: ٣٦٩). شایانی ئاماژە بۆ کردنە هەر لەم کۆنگرەیە گفتوگۆ لە سەر گۆڕینی ناوی(دارکەر) کرا و پێشنیاریان کرد سەرۆکایەتی پارتەکە بە یەکێک لە کەسایەتیە دیار و نەتەوەییەکانی کورد بسپێردرێت، بەمشێوەیە لە نیسانی ١٩٣٩ چەند گۆڕانکارییەک لە پەیکەری کۆمەڵەی(دارکەر) کرا و (ڕەفیق حیلمی) بە سەرۆک دیارکرا و لە سەر پێشنیاری ئەویش ناوی کۆمەڵە بۆ پارتی(هیوا) گۆڕا (الطالباني،٢٠٠٢:٥١– ٥٢).

دوای ئەم گۆڕانکاریانە(دڵدار) کە لێپرسراوی یەکەمی کۆمەڵەی(دارکەر) بوو، کرا بە سکرتێری پارتی(هیوا) بەمەش لە ڕووی لێپرسراوتیەوە دەبێتە کەسی دووەمی پارتەکە (المزوري ، ٢٠٠٨: ٥٨) . لە ڕاستیدا نابێت ئەم هەڵوێستە سیاسیەی(دڵدار) بە هەند وەرنەگیرێت، چونکە دەستبەردار بوون لە پۆستی باڵای کۆمەڵەیەکی سیاسی بۆ کەسێکی دیکە لە دونیای سیاسەت کارێکی ئاسان نییە، بە تایبەتی بۆ کارەکتەری ناو ئەو کۆمەڵگایانەی بنەماکانی دیموکراسی نەبۆتە کلتور، هەرچەندە(دڵدار) لە سەروبەندی ئەم پێشهاتە تەمەنی زۆر گەنج بووە، بەڵام ئەم ئاکارە زۆر پەیوەست نییە بە تەمەنەوە، بۆیە دەکرێت ئەم هەڵوێستەی وەکو خاڵێکی ئەرێنی و درەوشاوە و دڵسۆزی و گیانی لێبوردەیی (دڵدار) لێکبدرێتەوە، بە تایبەتی وەک سەرچاوەکان ئاماژەیان بۆ کردووە (دڵدار) بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم بابەتە خۆی چووە بۆ شاری بەغداد و چاوی بە(ڕەفیق حیلمی) کەوتوە و داوای وەرگرتنی ئەم پۆستەی لێکردووە (صابر،٢٠٠٧ : ١٠٦).

شایانی ئاماژە پێدانە لەگەڵ دەست بەکاربوونی(هیوا) وەک پارتێکی سیاسی، چالاکییەکانی زۆر فراوانتر بووە، بەمەش ژمارەی ئەندامانی بە شێوەیەکی خێرا زیادیکردووە، لەم بوارەشدا (دڵدار) یەکێک لە چالاکترین ئەندامانی پارتەکە بووە لەم قۆناغەدا و ڕۆڵێکی گەورەی لە ڕاکێشانی ژمارەیەکی زۆر لە خوێندەوار و ڕۆشنبیران بۆ ناو ڕێکخستنەکانی(هیوا) بینیوە، بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم زانیارییە دەتوانرێت سوود لە یادداشتی ئەو کەسایەتیانە وەربگیرێت کە لە ڕێگای(دڵدار)ەوە پەیوەندییان بە پارتی(هیوا) کردووە (باجەلان، ٢٠٠٩: ٢٧ ؛دڵزار، ٢٠١٠: ٢٥٢ ؛ تەیب، ٢٠٠٨: ١٢١).

یەکێکی دیکە لە کارە نەتەوەییە گرنگەکانی(دڵدار) لەم قۆناغەدا، نوسینی هۆنراوەی( ئەی ڕەقیب)ە، سەبارەت بە شوێن و ڕێککەوتی نوسینی ئەم هۆنراوەیە جیاوازی لە بۆچوونی توێژەران هەیە، بەشێکیان پێیانوایە(دڵدار) ئەم هۆنراوەیەی لە ساڵی ١٩٣٨ لە یەکێک لە گرتوخانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نوسیوە(مەمەند،٢٠١٢: ٦١ ؛ ئەحمەد، ٢٠١٥: ٢) . کەچی ئەوانی دیکە جەخت لە سەر ئەوە دەکەنەوە هۆنراوەکە لە ساڵی ١٩٤٠ لە شاری کەرکوک نوسراوە(دلزار، ٢٠١١: ١٢٨ ؛ علاءالدين، ١٩٨٥: ٦٠) ، بە لێکدانەوەی ئێمە بۆچوونی دووەم لە ڕاستیەوە نزیکترە، چونکە هیچ

سەرچاوەیەک ئاماژەی بۆ ئەوە نەکردووە(دڵدار) سەردانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتی کرد بێت و بۆ چ مەبەستێک چوو بێت؟ تەنانەت ئەو سەرچاوانەش کە پێیان وایە هۆنراوەکە لەوێدا نوسراوە، سەرباری ئەوەش ئەو نوسەرانەی پێیان وایە لە کەرکوک دانراوە کەسانی نزیک بوونە لە خۆی و خانەوادەکەی. لە ڕاستیدا (ئەی ڕەقیب) سروودێکی نەتەوەیی شۆڕشگێرییە، بووە بە هێمایەکی نەتەوایەتی، ناوەڕۆکەکەی لە چوارچێوەی بیری ناسیونالیزمی دەخولێتەوە، لەلایەن هەموو کوردێکەوە بووە بە سرووودی نەتەوە، هەر بۆیە کرا بە سرووودی فەرمی کۆماری کوردستان لە مەهاباد(خەزنەدار، ٢٠١٠: ٥٧٣) ، هەروەها ناوەڕۆک و پەیامی سروودەکە ڕەنگدانەوەی چەوسانەوە و قوربانیدانی درێژخایەنی نەتەوەی کورد دووپات دەکاتەوە(حەیدەری، ٢٠١٧: ١١).

بەبۆچوونی زۆرینەی ئەوانەی لە نزیکەوە لەگەڵ(دڵدار) ژیاون، پێیان وایە ناوبراو جگە لەوەی کوردێکی دڵسۆز بووە، هەردەم وەکو مرۆڤێک ڕەفتاری کردووە و هەرگیز بە تێڕوانینێکی حیزبایەتی مامەڵەی لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا نەکردووە(محەمەد،١٩٨٥: ٦٢؛شارەزا، ٢٠١٣: ٩٦). بۆ نمونە کاتێک لە ساڵی خوێندنی ١٩٤٠– ١٩٤١ لە شاری بەغداد بە هۆی ئەو بارودۆخە ئابورییە سەختەی عێراقی گرتبووەوە نزیکەی(٦٠) خوێندکار ناچار بوون یان واز لە خوێندن بهێنن یاخود جگە لە خوێندن کارێکی دیکە بکەن، (دڵدار) وەک سکرتێری پارتی هیوا لێژنەیەک لە خۆی و ساڵح یوسفی و جەمال بابان پێکدەهێنێت و هەڵدەستن بە کۆکردنەوەی کۆمەک لەو کەسایەتیە کوردانەی کە باری داراییان گونجاوە، بۆ ئەمەش(عەلی کەمال) [٥٧] ڕازی دەبێت لە سەر پێدانی پارەیەکی دیاریکراوی مانگانە بەم خوێندکارانە، بەمشێوەیە سەرجەم خوێندکارەکان دەتوانن خوێندنی ئەو ساڵەیان تەواو بکەن(المزوری، ٢٠٠٨: ٩٧) .

چالاکییەکی دیکەی نەتەوەیانەی (دڵدار) لە چوارچێوەی پارتی هیوا ئاهەنگێران و یادکردنەوەی جەژنی نەورۆزە بە شێوەیەکی ئاشکرا لە شاری بەغداد، ئەمەش دوای ئەوەی کۆمەڵێک لە ئەندامانی پارتی هیوا لە ساڵی ١٩٤٤ داواکارییەکیان پێشکەش بە وەزارەتی ناوەخۆی عێراق کرد تا مۆڵەتیان پێبدا ئاهەنگی نەورۆز لە شاری بەغداد ساز بکەن، دوای ڕەزامەندی وەزارەت، (دڵدار) کە سەرۆکی لێژنەی(چاودێری و سەرپەرشتی) پێسپێردرا بوو چالاکانە کارەکانی بۆ ڕێکخستنی ئاهەنگەکە ئەنجامداوە، هۆنراوەیەکیشی لە بۆنەکە پێشکەشکردووە(وشیار، ٢٠٠٤: ١٣؛ المزوری، ٢٠٠٨:١١٥) .

**٣- کێشەکانی پارتی (هیوا) و هەڵوێستی دڵدار.**

ژێرخانە چینایەتی و کۆمەڵایەتیەکەی ناو پارتی هیوا کە لە چەند توێژەکی جیاواز پێکدەهات، فاکتەرێکی سەرەکی ئەو کێشانە بوو کە دواتر سەریانهەڵدا، ئەمەش لێکەوتەی پەیوەندیکردنی ئەو

---

[٥٧] - عەلی کەمال کوڕی عەبدولڕەحمانە، ساڵی ١٩٠٠ لە شاری سلێمانی لە دایک بووە، ساڵی ١٩١٨ کۆلیژی جەنگی لە ئەستانبول تەواو کردووە و بە پلەی مولازمی دووەم دەرچووە، ساڵی ١٩٢٣ گەڕاوەتەوە کوردستان و چەند جرێک وەکو نوێنەری شاری سلێمانی بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەڵبژێردراوە، لە ژیانیدا کاری خێرخوازی زۆری ئەنجامداوە، ساڵی ١٩٩٨ لە شاری لەندەن پایتەختی ئینگلتەرا کۆچی دوایی کردووە، بۆ زیاتر زانیاری لە سەر ژیان و ڕۆڵی سیاسی بنواڕە: (عبدالرحمن، ٢٠٠١) .

ژماره زۆره ی ڕۆشـــنبیر و دەرەبەگ و جوتیار و بازرگان و ئەفســـەران بوو بە ڕێکخســـتنەکانی پارتەکە، کە هەر توێژێک لەمانە لە ژێر کاریگەری بیروباوەڕ و ســـیاســـەتێکی دیاریکراو بوون، لەم ســۆنگەوە چەندان بەرەی جیاواز دروســتبوو، کە دیارترینیان هەردوو بەرەی ڕاســترەو و چەپڕەو بوون، یەکەمیان: لەلایەن(ڕەفیق حیلمی) و ژمارەیەک لە ڕۆشـــنبیران و دەرەبەگ و ئاغاکان و بازرگان و گەورە فەرمانبەران نوێنەرایەتی دەکرا، ئەمانە دژی بەرەی چەپڕەو لە ســـەنگەردا بوون کە بەشــی زۆریان لەم خوێندەوار و ڕۆشــنبیرانە پێکدەهات کە لە ژێر کاریگەری بیری مارکســیدا بوون(تالەبانی، ١٩٩٤: ٩) .

هۆکارێکی دیکە کە کێشـــەکانی ناو پارتی هیوای لە نێوان هەردوو بەرەی ڕاســـترەو و چەپڕەو زیاتر ئاڵۆز کرد، ڕەفتارە تاکڕەوییەکانی(ڕەفیق حیلمی) بوو، کاتێک بەردەوام لە هەوڵی ســـەپاندنی هەژموونی خۆیدا بووە بە ســـــەر پارتەکە، ئەمەش لەلایەن ژمارەیەک لە ئەندامانی هیوا بە تایبەتی ئەفســـەران و ڕۆشـــنبیران ڕەتکراوەتەوە و هەوڵیانداوە ســـنورێک بۆ ڕەفتارەکانی (حیلمی) دابنێن (صابر، ٢٠٠٧: ١٢٩) .

ســـەبارەت بە هەڵوێســـتی(دڵدار) بەرامەر بە ناکۆکی و کێشـــەکانی ناو پارتی هیوا، هەرچەندە ناوبراو لە ڕووی بیروباوەڕەوە هاوســـۆز و نزیکتر بووە لەگەڵ بەرەی چەپڕەو، بەڵآم ئەمە لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ڕەنگینەداوەتەوە، چونکە ئەو لە سەرەتا هەوڵی نەداوە بخزێتە ناو کێشەکان و خۆی لە سـەر بەرەیەک یەکلا بکاتەوە، ئەم ڕاسـتیەش لە سـەروبەندی قوڵبوونەوەی کێشـەکانی نێوان هەردوو بەرە لە ســالّی ١٩٤٤ بە دیارکەوت ، کاتێک نامەیەک لەلایەن (موکەرەم تاڵەبانی) کە لە ســـەر بەرەی چەپڕەو ئەژمار دەکرا دراوەتە لێژنەی ناوەندی پارتی هیوا، گوایە نامەکە (ڕەفیق حیلمی) نوســیویەتی و داوای هەڵوەشــاندنەوەی پارتی هیوای کردووە، بۆ لێکۆڵینەوە لە ناوەڕۆکی نامەکە لێژنەی ناوەندی بە ســـەرۆکایەتی(دڵدار) کۆبووەوە و بڕیاری کۆتایش لە بەرژەوەندی سەرۆکی پارتی هیوا تەواو بوو، کە جەخت لەوە کرابووە وە ئیمزای سەر نامەکە بۆ(ڕەفیق حیلمی) ناگەڕێتەوە(خورشید، ١٩٩٦: ٧) .

لەگەڵ هەموو دووره پەرێزیەکـانی، وەک دەردەکەوێـت دواجـار (دڵـدار)یش لە ڕەفتـارە تاکڕەوییەکانی سەرۆکی پارتی هیوا نیگەران بووە و بە تایبەتی کە بەشی زۆری دەسەڵآتەکانی بۆ خۆی پاوانکرد بوو، هەروەهـا بەبێ گەڕانەوە بۆ لێژنەی نـاوەنـدی بڕیـاری تـاکلایەنەی دەدا، لەم ســۆنگەوە بە تێپەڕبوونی کات کێشـــەکانی نێوان ئەندامانی لێژنەی ناوەندی و ســـەرۆکی پارتەکە قووڵتر بووەوە، ئەمەش هۆکارێک بوو بۆ دوورکەوتنەوەی بەشێک لە ئەندامانی لێژنەی ناوەندی کە (دڵدار) یەکێک بوو لەوانە، ناوبراو سـاڵی ١٩٤٥ پێش ئەوەی پارتی هیوا بە تەواوەتی هەڵوەشـێتەوە بەیەکجاری دوور دەکەوێتەوە(تالەبانی،١٩٩٤: ٩؛ صابر،٢٠٠٧: ١٢٩) .

**- تەوەرەی سێیەم : دڵدار و بیری چەپگەری .**

سـەرەتا پێویسـتە ئەوە بخرێتەڕوو ڕۆڵ و چالاکییەکانی (دڵدار) لە چوارچێوەی بیری چەپگەری بە ســەر دوو ئاســتدا پۆلین دەکرێت، یەکەمیان: چەپگەری وەک بیروباوەڕ کە ڕۆڵ و چالاکییەکانی لەم بوارە زیاتر خۆی لە نوســـین و هەڵوێســـت و ڕەفتارەکانی دەبینێتەوە. دووەمیان: کارکردنە لە چوارچێوەی ڕێکخراوە سیاسیە چەپڕەوەکان.

هەروەها جێگای خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێت کە بەشـــداربوون و کار و چالاکییەکانی (دڵدار) لە چوارچێوەی بیری چەپگەری بە بەراورد لەگەڵ کار و چالاکییەکانی لە چوارچێوەی بیری نەتەوەیی بە ڕادەیەکی کەمتر بووە، فاکتەرە سەرەکییەکانی ئەمەش گەڕاوەتەوە بۆ: لە سەر ئاستی فیکری چەکەرەبوونی بیری چەپگەری لای(دڵدار) دوای بیری نەتەوەیی ســـەریهەڵداوە و تایبەت لە دوا ساڵەکانی ژیانی، لە ڕووی کاری پراکتیکیش لە ڕێکخراوە سیاسیە چەپڕەوەکان بۆ یەکەم جار لە ســـاڵی ١٩٤٦ پەیوەندی بە پارتێکی چەپگەر کردووە، کەچی دوای نزیکەی ســـاڵێک کارکردن لەگەڵیاندا دەستبەرداریان بووە(علاءالدین، ١٩٨٥: ٨٩) ، دواتریش بە هۆی ئەوەی لە ساڵی ١٩٤٨ لە تەمەنێکی کورتـدا کۆچی دوایی کردووە دەرفەتی کـارکردنی زیـاتری لەگەڵ ڕێکخراوە چەپەکـان نەبووە.

ســـەبارەت بە کاریگەری و هەژموونی بیری چەپگەری بە ســـەر تێڕوانین و کەســـایەتی و ڕەفتاری (دڵدار)، دیارە هـاوســـۆزی ناوبراو لەگەڵ ئەم بیروبـاوەڕە و باوەڕبوونی بە ڕێبازی مارکســـی هەرگیز بە شـێوەیەک نەبووە هەموو ڕێباز و ئاراســـتە ئایدیۆلۆژیایەکانی دیکە بایەخیان نەمێنێت، بە تـایبەتی بیروبـاوەڕی نەتەوەیی، بۆیە بیری نەتەوەیی بەردەوام هـاوشـــانی بیری چەپگەری وەک دوانەیەک لە هەنگاوە سـیاسـی و چالاکییەکانی ڕەنگیداوەتەوە، بە ڕادەیەک هەر لە بنچینەدا پەیوەندیکردنی (دڵدار) بە گروپە مارکســیەکان بە مەبەســتی هێنانەدی مافە نەتەوەییەکانی کورد بووە.

بەڵگەیەکی زینـدوو بۆ پشـــتراســـتکردنەوەی ئەو بۆچوونەی کە هەردوو بیری چەپگەری و نەتەوەیی وەک دوو ڕووی دراوێک بوونە لای (دڵدار) و بە ئاراستەی یەک ئامانج جوڵەیان پێکراوە و هاوســۆزبوونی (دڵدار) بە بیری مارکســـی هەرگیز بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی بیر نەبردۆتەوە، ئەو وتارە ســـیاســـیە کە ناوبراو لە کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی بە لاتینی نوســـیویەتی[٥٨]، لە ناوەڕۆکەکەیدا ئاسـتی ڕۆشـنبیری و بیرفراوانی (دڵدار) دەردەخات کە چەند بە وردی هەڵسـاوە بە بەراوردکردن و هەڵســـەنگاندنی بارودۆخی ســـیاســـی ئەو کاتەی کورد و ئەنجامەکانی جەنگی دووەمی جیهانی، بە لێکدانەوەیەکی زانستیانە ئەوەی خستۆتەڕوو کە ئەو جەنگە هەر بەرەیەکی تێدا ســـەربکەوێت ئامانجەکانی کورد نایەتەدی، ئەم بۆچوونەش پێچەوانەی بیروڕای گەلێک نوســـەر و ڕۆشنبیری ئەو سەردەمە بوو، ژمارەیان زۆر کەم بووە ئەوانەی بەم تێڕوانینە سەیری جەنگەکەیان کردووە، بەشـێک لە خوێندەواران و سـیاسـەتمەداران پێیان وابووە سـەرکەوتنی ئەڵمانیای نازی لە بەرژەوەندی کورد دەبێت، بەشـــێکی دیکەیان بە تایبەتی ئەوانەی هەڵگری بیری مارکســـی بوونە باوەڕیان وابووە سەرکەوتنی سۆڤیەت و هاوپەیمانەکانی بە سودی کورد تەواو دەبێت (علاءالدین، ١٩٨٥: ٨٩) . لە ڕاســـتیدا هۆشـیاری (دڵدار) لەوێدا دەردەکەوێت کە هاوســـۆز بوونی لەگەڵ بیری مارکســـی هیچ لە هاوکێشـــە و لێکدانەوە ســـیاســـیەکانی نەگۆڕیوە و نەکەوتۆتە ژێر کاریگەری ئایدیولۆژیایەکە و بۆ داکۆکی کردن لە یەکێتی سۆڤیەت.

---

٥٨ - لە ڕاستیدا نەزانراوە ئەم وتارەی لە چ گۆڤار یان ڕۆژنامەیەک بڵاوکردۆتەوە، عبدالخالق علاءالدین لەو کتێبەی لە سـەر دڵدار نوسـیویەتی ئەم وتارەی خسـتۆتەڕوو، بەڵام ئاماژەی بۆ شوێنی بڵاوکردنەوەی نەکردووە.

هەرچۆنێک بێت ســـــەرەتای چەکەرەکردنی بیری چەپگەری لای (دڵدار) بۆ پێش ئەو ڕێککەوتە دەگەڕێتەوە کە بە شـــێوەیەکی پراکتیکی کەوتە کارکردن لە چوارچێوەی ئەم بیروباوەڕە کاتێک لە ســالّی ١٩٤٦پەیوەندی بە (پارتی ڕزگاری نیشــتمانی - حزب التحرر الوطنی) کردووە، ئەمەش زۆر بە ڕوونی لە ڕەفتار و نوسینەکانی ڕەنگیداوەتەوە، بۆ نمونە بەشێکی زۆری هۆنراوەکانی گوزارشتە لە ژیانی جوتیار و کارگەران کە چۆن لەلایەن ئاغاکان و ســـەرمایەدارانەوە چەوســـێنراونەتەوە بە تایبەتی ئەو هۆنراوانەی دوای جەنگی دووەمی جیهانی نوســـیویەتی کە زۆر بە ڕوونی دەربڕینی چینایەتی پێوە دیارە، ناکۆکی نێوان جوتیاران و ئاغاکان لە گۆڕەپانی ململانێی چینایەتیەوە وەک تابلۆیەک دەگوازێتەوە ناو هۆنراوەکانی، باشترین نمونەش بۆ ئەم بابەتە هۆنراوەکانی (لالە باس) و (توتنەوان)ە (شارەزا، ٢٠١٣: ١٠٦).

جگە لەمە لە یادداشـــتەکانیشـــیدا هاوســـۆزیبوونی لەگەڵ چینی کرێکاران و جوتیاران بە ئاشـــکرا هەستی پێدەکرێت، کاتێک لە سەرەتای ساڵانی چلەکانی سەدەی ڕابردوو لە گوندەکانی دەوروبەری هەولێر تێکەڵی جوتیـاران بووە و هەوڵـداوە هۆشـــیـاریـان بکـاتەوە، دوای تەواوکردنی کۆلیژی (ماف)یش لە بەغداد، دەگەڕێتەوە کۆیە و لەگەڵ(ئاسف)ی برای کاری پارێزەری کردووە و بە هۆی ئەوەی پشـــتیوانی لە کەســـانی هەژار کردووە ، خەڵکێکی زۆر ڕوویان تێکردووە (علاءالدین، ١٩٨٥: ٧١- ٧٤) .

لە ســەر ئاســتی پراکتیکی (دڵدار) تەنیا لە یەک ڕێکخراوی ســیاســی چەپڕەو کاریکردووە ئەویش وەک ئـامـاژەی بۆ کرا (پـارتی ڕزگـاری نیشـــــتمـانی – حزب التحرر الوطنی) بوو، ئەمەش دوای دوورکەوتنەوەی لە پارتی هیوا و بڵاوبونەوەی بیروباوەڕی پێشـــکەوتوخواز بە شـــێوەیەکی فراوان و لە ناوچوونی بەرەی نازیەت و فاشـــیزم لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی ، ئەمانە ڕێگاخۆشـــکەر بوون بۆ زیاتر پەرەسەندنی بیری چەپگەری، لەم قۆناغەدا و بە دیاریکراوی لە ساڵی ١٩٤٦ (دڵدار) پەیوەنـدی بە (پـارتی ڕزگـاری نیشـــــتمـانی – حزب التحرر الوطنی) کردووە، ئەم پـارتە کە بە دەســـتپێشـــخەری حیزبی شـــیوعی عێراقی دامەزراوە لە ســـاڵی ١٩٤٥وە دەســـتی بە چالاکییەکانی کردووە(رسول، ٢٠٠٨: ٣٥٩) .

لە ڕاستیدا پەیوەندیکردنی (دڵدار) بە (پارتی ڕزگاری نیشتمانی – حزب التحرر الوطنی) تەنیا لە هاوســۆزبوونی بۆ بیری مارکســی نەبووە، بەڵکو پەیوەندییەکە لە ســەر چەند بنەمایەک بنیادنراوە، گرنگترینی: ئەو ڕێبازە سیاسیە بوو کە پارتەکە پەیڕەوی دەکرد، کە بریتی بوو لە جەختکردنەوە لە سەر برایەتی کورد و عەرەب و یەکسانی و دادپەروەری نێوانیان، ئەمە سەرباری ئەوەی پەیڕەو و پرۆگرامی پارتەکە لە کوردســتان بە زمانی کوردی بووە، ئەمەش ئاماژەیەکی گرنگ بووە بۆ باوەڕ بوون بە مافە نەتەوەییەکانی کورد(رسول، ٢٠٠٨: ٣٥٩-٣٦٠).

(دڵدار) یەکێک لە ئەندامە کارا و چالاکەکانی(پارتی ڕزگاری نیشـــتمانی – حزب التحرر الوطنی) بووە لە کوردستان، کەسێکی ناسراو بووە لەلایەن دانیشتوانەوە، ئەمەش زیاتر بۆ ئەوە گەڕاوەتەوە مامەڵەکردنی لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵگا لە سەر بنچینەی بیری سیاسی و حیزبایەتی نەبووە، بە هۆی ئەم تێکەڵ بوونەی لەگەڵ خەڵک، لەلایەن پارتەکەیەوە بەردەوام کار و چالاکییەکانی کوردســـتانی

پێسـپێردراوە، بۆ نمونە گەلێک جار کراوەتە سـەرۆکی لیژنەی سـەرپەرشـتی ئاهەنگەکانی نەورۆز (علاءالدين، ١٩٨٥: ٨٨) .

یەکێک لە تایبەتمەندییە دیار و ئەرێنیەکانی (دلدار)، ئەو گۆڕانکاریانە بووە کە بەردەوام و قۆناغ دوای قۆناغ لە بیروباوەڕ و لە تێروانینی دروسـتبووە، ئەو کارەکتەرێکی سـیاسـی چەقبەسـتوو نەبووە، هەر ئەمەش فاکتەری سـەرەکی بووە کە دوای نزیکەی سـاڵێک لە پەیوەندیکردن بە (پارتی رزگاری نیشـتمانی – حزب التحرر الوطنی) لێیان دوور بکەوێتەوە و لە ریزەکانی بێتە دەرەوە، چونکە (دلدار) لەم قۆناغەدا گەیشـتبووە ئەو باوەڕەی پێویسـت دەکات کورد خاوەن پارت و رێکخراو و سەرکردایەتی تایبەتی خۆی بێت، لەگەڵ رێکخراو و پارتە سیاسیەکانی نەتەوەکانی دیکە تەنیا هاریکاری و ئاشـنایەتی هەبێت، لە سـۆنگەی ئەم بیروباوەرە و چەند تێروانینێکی دیکە لە( پارتی رزگاری نیشتمانی – حزب التحرر الوطنی) وازیهێناوە (علاءالدين، ١٩٨٥: ٨٨) .

لێرەوە دەردەکەوێت(دلدار) کەسێکی واقیعی بووە و هەر بابەتێک لە بەرژەوەندی نەتەوەی کورد بوایە هەوڵی بۆ داوە، لە سـیاسـەتدا کەسـێکی دووربین بووە، بیرکردنەوەی پەیوەسـت نەبووە بە رووداو و پێشـهاتەکانی رۆژ، بەڵکو بیری لە چارەنوسـی نەتەوەکەی کردۆتەوە و هەمیشـە خاوەنی بیرورا و هەڵوێستی تایبەتی خۆی بووە.

## ئەنجام

١- رۆڵی گەورەی لە پێگەیاندن و دروستکردنی کەسایەتی سیاسی و رۆشنبیری خۆی بینیوە، لەم بوارەدا هەوڵی زۆری داوە.

٢-زۆربەی کاتەکان هەڵوێستەکانی هەڵقوڵاوی ویست و بیروباوەڕی خۆی بووە.

٣- لە رووی بیروباوەڕەوە کەسـێکی چەقبەسـتوو نەبووە، بەڵکو هەمیشـە گۆڕانکاری بە سـەر بیرکردنەوەی داهاتووە، بەپێی قۆناغ و پێشهاتە تازەکان مامەڵەی کردووە.

٤- بە درێژایی ژیانی سـیاسـی هەوڵی بۆ دەسـکەوتە کەسـیەکان نەداوە، بەردەوام بەرژەوەندی نەتەوەکەی لە سەرووی بەرژەوەندی خۆی بینیوە.

٥-کارەکتەرێکی توندڕەو نەبووە ، خاوەنی هەر بیروباوەڕێک بوو بێت میانڕەوانە رەفتاری سیاسی نواندووە.

٦- هەنگاوی گەورەی لە بواری کاری رێکخراوەیی لە باشـووری کوردسـتان ئەنجامداوە و شوێنەواری کارەکانی تا ماوەیەکی درێژ کاریگەریان ماوەتەوە.

## لیستی سەرچاوەکان

– -بە زمانی عەرەبی:

١-أحمد محمدأمين قادر: موقف مجلس النواب العراقي من القضية الكوردية في العراق ١٩٢٥- ١٩٤٥، بنکەی ژین ، السليمانية, ٢٠٠٧،

٢-اسـماعيل شـكر رسـول: أربيل دراسـة تاريخية في دورها الفكري السـياسـي ١٩٣٩-١٩٥٨،بنکەی رۆشنبیری شەهید ڕێباز، السليملنية, ٢٠٠٥،

٣-خليل جندى: حركة التحرر الوطنى الكوردستانى فى كوردستان جنوبى ١٩٣٩- ١٩٥٨، ستوكلهم ، ١٩٩٤,
٤- خليل على مراد و أخرون: دراسات فى تاريخ الاوروبى الحديث و المعاصر،الموصل، ١٩٨٨,
٥-شاخەوان عبدالله صابر: رفيق حيلمى: دراسة تاريخية فى نشاطه السياسى و الثقافى، بنكەی ژین، السليمانية،٢٠٠٧.
٦-شاكرو خدو محوى: المسألة الكردية فى العراق المعاصر، ت: عبدى حاجى، دار سپيريز، ٢٠٠٨,
٧-عبدالفتاح على البوتانى: أراء موضوعية عن شيخ محمود الحفيد(البرزنجى) و مطالبه القومية، فى: يادنامەی شضخ محمودی حەفید، بنكەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٦,
٨- عبدالفتاح على البوتانى: موقف الاحزاب السياسية العراقية فى القضية الكوردية١٩٤٦-١٩٧٠، مركز الدراسات الكوردية و حفظ الوثائق، دهوک، ٢٠٠٧,
٩-. عزيز حسن البارزانى:الحركة القومية الكوردية التحررية فى كوردستان العراق١٩٣٩- ١٩٤٥، دار سپيريز، دهوک، ٢٠٠٢,
١٠-على كمال عبدالرحمن(مذكرات)، تقديم و تعليق: جمال بابان، بغداد، ٢٠٠١,
١١-فاتح رسول: الجزور التاريخية لفكرة اليسار فى كوردستان، ت: كمال غمبار، دار الترجمة، أربيل، ٢٠٠٨,
١٢- محســـن محمد المتولى: كرد العراق منذ الحرب العالمية الاولى ١٩١٤ حتى ســـقوط الملكية ١٩٥٨،ط١، دار العربية للموسوعات، بيروت، ٢٠٠١,
١٣-مختارات من مذكرات صالح الحيدرى،ط٢، مطبعة رنج، سليمانية، ٢٠٠٤,
١٤-محمدامين زكى: خلاصـــة تاريخ الكرد و كردســـتان من أقدم العصـــور التاريخية حتى الان، ت: محمد على عونى، القاهرة، ١٩٣٩,
١٥-مكرم الطالبانى: حزب هيوا، مطبعة خاک، السليمانية، ٢٠٠٢,
١٦-هيلين محمدامين المزورى: حزب هيوا ١٩٣٩- ١٩٤٦، دار سپيريز، دهوک، ٢٠٠٨.
١٧-هيوا حميد شـريف: توفيق وهبى: حياته و دوره السـياسـى و الثقافى ١٨٩١- ١٩٨٤، بنكەی ژین، السليمانية، ٢٠٠٦.

- **به زمانی كوردی:**

١- تاریق حسـین مەمەد: بەراوردی ژیانی ئەدەبی..هەردوو شـاعیر(دڵدار) و (شـابی)، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠١٢,
٢-جەمال خەزنەدار: ڕابەری ڕۆژنامەگەری كوردی، بەڕێوبەرایەتی ڕۆشـــنبیری كوردی، بەغداد، ١٩٧٣,
٣- جەمال فەتحوللا تەیب:كۆیە ١٩١٨- ١٩٥٨،چ٢،چاپخانەی شهاب، هەولێر، ٢٠٠٨,
٤-جەمال نەبەز:بیری نەتەوەیی كورد نە بیری قەومیەتی ڕۆژهەلات و نە بیری ناســـیەنالیزمی ڕۆژئاوایە، سوید، ١٩٩٤,
٥-ڕەشـــید باجەلان ١٩٢٠-٢٠٠١ تێكۆشـــەرێكی دێرینی كوردایەتی، ئامادەكردنی: بەهار ڕەشـــید باجەلان، بنكەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٩,
٦-ڕەفیق حیلمی: شعر و ئەدەبیاتی كوردی، بەرگی دووەم، بەغداد، ١٩٨٨,



٧- طارق جامباز: حزبی هیوا له لیوای هەولێر، له چاپکراوەکانی گۆڤاری یاســـاپارێزی، هەولێر، ٢٠٠٥,
٨- عبدالخالق علاءالدين: شاعیری شۆڕشگێری کورد، دار أفاق العربية، بغداد، ١٩٨٥,
٩- غەفور میرزا کەریم: کۆمەڵەی زانستی له سلێمانی، چاپخانەی دار الجاحظ، بەغداد، ١٩٨٥,
١٠- کەریم شارەزا: کۆیه و شاعیرانی، بەرگی دووەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٣.
١١- کریس کۆچێرا: مێژووی کورد له سەدەی (١٩-٢٠)، و: محمد ریانی، چ٢، تهران، ١٩٨٨,
١٢- مارف خەزنەدار: مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی پێنجەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠,
١٣- مەریوان وریا قانع: ناســیوناليزم و ســەفەر: کورد له دیاسـپۆرا، چاپخانەی ڕەنج، ســلێمانی، ٢٠٠٥,
١٤- مەهدی محەمەد قادر:پێشــهاته ســیاســیەکانی کوردســتانی عێراق ١٩٤٥- ١٩٥٨، ســەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٥.

**- نامەی زانکۆیی:**

١- دارا جمال غفور: محمدامين زكي و دوره السـياسـي و الاداري في العراق ١٩٢٤- ١٩٤٨، رسـالة ماجستير مقدمة الى معهد التاريخ العربي و التراث العلمي للدراسات العليا، بغداد، ٢٠٠٤.

- گۆڤار :

١- حەکیم کاکەوەیس: فایلی تایبەت به مەســـعود محەمەد، گۆڤار(کورد دیکۆمێنت)، ژ(٣)، هەولێر، ٢٠١٠,
٢- دڵزار: با خەتێکی چەپ و ڕاســت به ســەر ســرووده ســەرکەوتوەکه و داهێنەرەکەیدا نەهێنین، گۆڤار(K21)، ژ(١٢) ، هەولێر، ٢٠١١,
٣- فەیسەڵ دەباغ: یاداشتەکانی یونی ڕەئووف(دڵدار) به پێنوسی خۆی، بەشی یەکەم، گۆڤار(هەولێر) ، ژ(١٠) ، هەولێر، ٢٠٠١,
٤- فەیســـەڵ دەباغ: یاداشـــتەکانی یونی ڕەئووف(دڵدار) به پێنوســـی خۆی، بەشـــی دووەم، گۆڤار(هەولێر) ، ژ(١١) ، هەولێر، ٢٠٠١,
٥- له نەوەد ســـاڵەی بەرێکەوتنی کاروانی ژیانی دڵزاری مرۆڤ و شـــاعیر و ســـیاســـەتمەدار، گۆڤار(K21) ، ژ(٧) ، هەولێر، ٢٠١٠,
٦- موکەرەم تاڵەبانی: چەند لاپەرەیەک له تێکۆشـــانی پارتی هیوا، گۆڤار(ڕۆشـــنبیری نوێ)، بەشـــی دووەم، ژ(١٢٢)، بەغداد، ١٩٩٤,
٧- هەندێ تێبینی دەربارەی پارتی هیوا و چونه ناو باســـەکه و پرســـیار له ئەندامەکانی، دیدەن و وتووێژ: د. فوئاد حەمه خورشید، گۆڤار(ڕەنگین)، ژ(٨٨)، بغداد، ١٩٩٦.

## ملخص البحث

تتشكل هذه الدراسة محاولة متواضعة لتسليط الضوء علي شخصية كردية بارزة وهو يونس رؤوف (دلدار)، وهو أحدى الشخصيات السياسية فى جنوب كردستان خلال النصف الأول من القرن العشرين الذى نال شهرة كبيرة فى عمر صغير و ذلك بسبب أنشطته السياسية ، مما يجدر الاشارة اليه ان الحقبة التاريخية التى عاش فيها(دلدار). هناک الفكرين من الافكار السياسية موجودة بقوة فى الساحة السياسية الكردستانية، وهما الفكر القومى و الفكر اليسارى، وقد خدم دلدار في كلتا مجالين .

تتكون البحث من مقدمة و ثلاثة محاور، وقد خصص المحور الاول ظهور و تاثير الفكر القومى و الفكر اليسارى فى جنوب كردستان بعد الحرب العالمية الاولى و حتى نهاية الحرب العالمية الثانية أما المحور الثاني فقد خصص لدور و موقف دلدار فى الاطار الفكر القومى . و المحور الثالث تباحث فيها عن الفكر اليسارى عند دلدار.

وقد اعتمدت في دراستي هذة علي مصادر مختلفة من كتب و دوريات، منها المذكرات الشخصية و الكتب العربية و الكردية.

## Abstract

The political role of DILDAR between Nationalism and Socialism . DILDAR is one of the political personalities of southern KURDISTAN during the first half of twentieth century ، as a young human he has got a great fame ، due to his political activities . This historical era was the era of Nationalism and Socialism as two different political ideologies. DILDAR has served in both ideologies . This research illustrates his political struggle at both Socialism and Nationalism . The research contains two official sections ، Despite of a forward and an academic result paper . The first section illustrates the role of Socialism and Nationalism at the era of his living time ، while the second section illustrates his political history in spite of his political role .